کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-7-2007 23:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**باسترمە... شێروان بێ دڵ**

وەک بەرهالیزیا
گەرا دائەنێن لەناو جەرگم
هەر ئەوەندە ژینم ئەوێت
کەنامەردان
نەکەن بەرگم
بۆ تێم ناگەن خۆ من ووشەم
زۆر سادیە و
زۆر ئاسانا
گۆشت و ئێسقانی لەشیشم
خواردنی زۆر بە لەزەتی
سەگەکانە
ئاگادار بن کەشەو هاتم
وانەزان جنۆکەمە
یاخوو دزم
من ئەو کەسە یاخی بوەم
نهێنیتان ئەخوێنمەوە
کەچی ئێوە
شەرم ناکەن
لە دەستگاو کۆمەڵگاتان
دەستی ڕەشی
دز دەرناکەن
دەبێ هەتا دونیا ماوە
هەر سەرشۆربن
لەڕاستیەکان ئەبێ ڕاکەن
بە هەزار ئاویش
ناشورێنەوە
ئێوە کە کل لەناو چاوی
خەڵک بدزن
بێ گومانم
هەر تۆزقاڵێک حەیا ناکەن
بۆیە ئەمن دڵ بەژانم
دز وجەردە
ئازاد دەژین
لەناو خاکی نیشتیمانم
باسترمە: جۆرە گۆشتێکی بە لەزەتە لول پێچ ئەکرێت تا بتوانرێت ماوەیەکی زۆر بە تازەیی و فرێشی بمێنێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.